وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی سلێمانی    ژمارە : ١٠٣١

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی    بەروار ٢٨ / ٨ / ٢٠١٦

بەشی یاسا

---

## ( گرێ بەست )

لایەنی یەکەم :بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی سەرەڕای کارەکەی

لایەنی دووەم : بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کوڕەداوێ

بەمەبەستی ئامادەکردنی خواردنی ژەمەکانی رۆژانەی مالەکان و دایەنگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی سلێمانی وە شەلتەری دالدەدانی ژنان هەردوولا لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە ڕێك کەوتین :

١- لایەنی دووەم بەلێندەر هەلدەستێت بە ئامادەکردنی خواردنی ژەمەکانی رۆژانەی مالەکان و دایەنگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی سلێمانی کە بریتین لە ( مالەکانی( کوڕان ، کچان ، مندالانی تەمەن (١) رۆژ بۆ (٤) سال ، بەسالاچوان )، شەلتەری دالدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی ،دایەنگەی تووی مەلیك ، دایەنگەی چوار باخ ، دایەنگەی بەختیاری ،دایەنگەی بەکرەجۆ ، دایەنگەی بازیان ، دایەنگەی چوارتا ، دایەنگەی دووکان، دایەنگەی شەلتەری دالدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی)

٢- لایەنی دووەم بەلێندەر هەلدەستێت بە ئامادەکردنی خواردنی (سێ ژەمی سەرەکی) وە ژەمێکی سوك بە بەردەوامی رۆژانە تەنانەت رۆژانی هەینی و پشووی فەرمی و جەژنەکان جگە لە دایەنگەکان کەتەنها رۆژانی دەوام (دوو ژەمی سەرەکی )و ژەمێکی سووك خواردنیان بۆ ئامادە دەکات.بەم شێوەیە :

٣- نرخی ژەمەکانی خۆراك بۆ هەر سوودمەندێك بۆ یەك رۆژ بەم شێوەیە دەبێت :

١-دایەنگاکان (١٥٥٧،٥)هەزارو پێنج سەدو پەنجاوحەوت دیناروو نیو.

٢- هۆبەی مندالانی ( یەك رۆژ بۆ چوار ) سال (٣١١٥) سێ هەزار و سەدوپانزدە دینار.

٣-کوڕان (٦١٤١)شەش هەزارو سەدو چل و یەك دینار.

٤-کچان( ٥٧٨٥)پێنج هەزارو حەوت سەدو هەشتاوپێنج دینار.

٥-بەسالاچووان (٦٢٣٠)شەش هەزارو دوو سەدو سی دینار

٦-شەلتەر (٥٥٦٢،٥) پێنج هەزارو پێنج سەدو شەست ودوو دینار و نیو.

٤- کرێی کارکردن مانگانە بۆ لایەنی دووەم خەرج دەکرێت.

لایەنی یەکەم/عمر عبدالله فتاح    لایەنی دووەم

بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی / سەرەڕای کارەکەی    بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کوڕەداوێ

٤- نابێت هیچ جۆرە خواردنێکی فەل بەکار بهێنرێت .
٥- تەنها سوودمەندان و پاسەوان و چاودێریماڵەکان و دادەی دایەنگەکان مافی ژەمە خۆراکیان هەیە .
٦- پێویستە لەسەر لایەنی دووەم مەرجەکانی تەندروستی و پاك و خاوێنی جێ بەجێ بکات بەپێی ڕێنماییە تەندروستیەکان .
٧- دەبێت لایەنی دووەم پۆشاك و دەستکێش و کەمامەو کلاو و باجی تایبەت بۆ کارمەندەکانی دابین بکات لەگەڵ کارتی تەندروستی
٨- لایەنی دووەم بەر پرسیار دەبێت لە هەموو کەم و کوڕی و زیان و سەرپێچیەکی کارمەندەکانی
٩- دەبێت لایەنی دووەم دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکارەکانی بکات لە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەلایەتی بە پێچەوانەوە غرامەی لێ وەردەگرێت بە بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ هەر سەرپێچییەك جگە لە قەرەبووی ئەو زیانانەی کە بەهۆی کارمەندەکانیەوە بەر لایەنی یەکەم دەکەوێت.
١٠- لایەنی دووەم مافی بەکار هێنانی چێشتخانەی لایەنی یەکەمی دەبێت بە مەرجێك بە کۆنووسێك هەموو ئامێرو کەل و پەلەکانی ئامادەکردنی خۆراك وەربگرێت و پاش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە بە هەمان شێوە لێی وەردەگیرێتەوە .
١١- لایەنی یەکەم شوێن تەرخان دەکات بۆ لایەنی دووەم بە مەبەستی بەکارهێنانی وەك گەنجینە بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی وە لیژنەی سەرپەرشتیاری خواردن دەسەلاتی ئەوەی دەبێت کەلەهەر کاتێکدا ویستی بیپشکنێت.وە هەروەها کەرەستە خۆراکییەکان بەپێی خشتە ڕادەستی لایەنی یەکەم دەکات و تەڕە ڕۆژانە و وشکە مانگانەوە پاك و خاوێنی گەنجینە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی دووەم
١٢- پێویستە لەسەر لایەنی دووەم بۆ هەر یەکێك لەو شوێنانەی گرێبەستەکە دەیانگرێتەوە لانیکەم دوو چێشتلێنەر تەرخان بکات و پێشکەشکردنی خواردن لە ئەستۆیان دەبێت وە ڕەگەزی چێشتلێنەرەکان لەسەر داوای بەشەکان دیاری دەکرێت . وە دەبێت تەمەنیان (١٨بۆ ٥٠) ساڵ بێت وە شارەزاییان لە بوارەکەدا هەبێت .
١٣- لەکاتی دابین نەکردنی یان دواکەوتنی هەر ژەمە خۆراکێك یان خراپی جۆری خۆراك ئەوە لایەنی یەکەم لەسەر خەرجی لایەنی دووەم خواردن دابین دەکات سەرەڕای ئەوەی کە بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار غەرامەی ئەو ژەمەی لێ وەردەگیرێت .
١٤- لایەنی دووەم نابێت بە هیچ جۆرێك کارمەندی لایەنی یەکەم بەکار بهێنێت وەك کارمەندی خۆی.
١٥- لایەنی یەکەم لەڕێگەی بەرپرسی هەر بەشێکەوە کە ئەم گرێبەستە دەیگرێتەوە کاتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ژەمەکانی خۆراك دیاری دەکات و بەهاوبەشی لەگەڵ لایەنی دووەم ژەمەکانی خۆراك پێشکەش دەکەن و لایەنی یەکەم مافی تەرخانکردنی چاودێری دەبێت لەکاتی پێشکەش کردنی ژەمەکانی خۆراکدا بەرەچاوکردنی هەموو ئەو مەرجانەی کەبۆ چێشت لێنەر دیاری کراوە .

٩/٤

لایەنی یەکەم/عمر عبداللە فتاح
بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی سلێمانی
سەرەڕای کارەکەی

لایەنی دووەم
بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کوڕەداوی
Kuradawe Company
07708893000

٢٠١٤٦٠ ١٢٠ ٢٠١٧/٦/٧
٢٠١٤٦١ ٢١٧ ٢٠١٧/٦/٧

١٦- ئەركی شوشتنی كەل وپەل و پێداويستی يە خۆراكی يەكان لەسەر لايەنی دووەمە بۆ هەرسێ ژەمەكان و دابينكردنی كەل وپەلەكانی پاككردنەوە لەجۆری (ازاهی و شاڵی قاپ شۆردن....هتد)دەكەوێتە ئەستۆی خۆی.

١٧- دەبێت گۆشتی حەيوان لەناو ئەو بەشانەدا قيمە بكرێت كە گرێبەست دەيانگرێتەوە وە ئامێری قيمەكردن لايەنی دووەم دابينی دەكات .... گۆشت لە جۆری مەڕ بێت و مريشكيش لەجۆری فرێش بێت .

١٨- لايەنی دووەم مافی هيچ گۆڕانكاريەكی نيە لەخشتەی خواردەمەنی يەكاندا بەبێ ڕەزامەندی لايەنی يەكەمی گرێبەست و بەپێی بەرژەوەندی گشتی.

١٩- بەڕێوەبەرايەتی چاودێری كۆمەلايەتی سليمانی ليژنەيەك پێك دەهێنێت بۆچاودێری كردن و سەرپەرشتی كردن و چۆنيەتی جێ بەجێ كردنی گرێبەستی ئامادەكردنی خواردن و هەمان ليژنە هەڵدەستێت بە دياری كردنی جۆر و قەبارەی ئەو پێداويستيانەی كە خواردنيان تيادا پێشكەش دەكرێت وەك (سينی و قاپ و كەوچك و كوپ و.....هتد)

٢٠- لايەنی يەكەم مافی وەرگرتنەوەی هەموو ئەو قەرز و قەرەبووانەی دەبێت كەدەكەوێتە ئەستۆی لايەنی دووەم بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا بەپێی ياسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكوميیەكان.

٢١- كرێی باركردن و گواستنەوەی خواردن دەكەوێتە ئەستۆی لايەنی دووەم.

٢٢- لايەنی دووەم بەپێی خشتەی دياريكراو كەرەستەكانی خواردەمەنی دابين دەكات كە ڕۆژانە لەلايەن كارگێری و بەشەكانی بەڕێوەبەرايەتی چاودێری كۆمەلايەتی سلێمانی يەوە ئامادەدەكرێت.

٢٣- دابينكردنی سووتەمەنی بۆ چێشتخانە لەسەر لايەنی دووەم دەبێت لەگەڵ خواردن و پێداويستی حەوانەوەی كرێكارەكانی و لايەنی دووەم بەرپرسە لە ڕەفتارەكانی .

٢٤- لايەنی دووەم دەبێت سەرجەم پێداويستی خواردن و بابەتەكانی لەكاتی دەوامی فەرميدا دابين بكات بۆهەر سێ ژەمەكە جگە لەصمون و نان كەدەبێت لەكاتی ژەمەكاندا بەگەرمی دابين بكرێت وە لەباشترين جۆری ئاردبێت وە كێشی هەر صمونێك بەپێی ڕێنماييەكانی بەڕێوەبەرايەتی بژێوی بێت.

٢٥- لەكاتی كردنەوەی بەشێكی نوێ لايەنی دووەم دەبێت كاری ئامادەكردنی خواردنی بگرێتە ئەستۆ.

٢٦- دابينكردنی ئاوی كانزايی خواردنەوە بۆ هەرسێ ژەمەكە دەكەوێتە ئەستۆی لايەنی دووەم.

٢٧- ميوە بەپێی وەرزەكان دابيندەكرێت بەبڕی (١٥٠ غم)بەگشتی بۆهەر سوودمەندێك جگە لە شووتی (٥٠٠غم) وكاڵەك (٢٥٠غم) بەمەرجێك يەك جۆری ميوە لە هەفتەيەكدا دووبارە نەبێتەوە ، خشتەی ميوە لەلايەن بەشەكانەوە دياری دەكرێت .

٢٨- شەكرو چا بەپێ ی خشتە دياری دەكرێت بۆ ماڵەكان و شەڵتەر سێ ژەمە وە لە باشترين جۆر دەبێت و شير لە جۆری نيدۆ بێت .

٢٩- ئەوەی لەتێندەردا هاتووە و هەموو ئەو مەرج و ڕێنماييە پەيوەنديدارانەی كەدەرچوون ياخود لەماوەی گرێبەستدا دەردەچن بەشێك دەبن لەم گرێبەستە .

| | |
|---|---|
| لايەنی دووەم | لايەنی يەكەم/عمر عبدالله فتاح |
| بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی كۆمپانيای كورەداوی | بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی كۆمەلايەتی سلێمانی |
| | سەرەرای كارەكەی |

٥٠١٤٦١ ٢٠٢٧
٠١٦٧ ٧٧

٥٠١٤٦١ ٢٠٢٧
٠١٦٧ ٧٧

٣٠- له مانگی ڕەمەزاندا لایەنی دووەم سەرجەم پێداویستیەکان ئامادە دەکات بە پێ ی خواستی سوودمەندان و بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسی هۆبەکاندا .

٣١- لەکاتی گەشتەکاندا بۆ سوودمەندان هەماهەنگی دەکرێت لەگەڵ ئیدارەو بەرپرسی هۆبەکاندا .

٣٢- لەکاتی کاری خێرخوازی بۆ هۆبەکان ، هەماهەنگی دەکرێت لەگەڵ لایەنی دووەم وە دەبێت کۆمپانیا پێش ئامادەکردنی خواردنی ئەو ژەمە ئاگادار بکرێتەوە .

٣٣- لایەنی یەکەمی گرێبەست دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوە یان گۆڕانکاری مەرجەکانی گرێبەست یان کۆتایی پێهێنانی هەیە پێش تەواو بونی ماوەی گرێبەستەکە بەپێ ی بەرژەوەندی گشتی .

٣٤- لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا ئەوا بەپێی گرێبەست و تەندەرو یاسا و ڕێنماییە ڕەچاوکراوەکان چارەسەر دەکرێت ئەگەر نا بەرێککەوتنی هەردوولا و بەپێ ی بەرژەوەندی سوودمەندان و بەرژەوەندی گشتی چارەسەر دەکرێت .

٣٥- ئەم گرێبەستە بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەردەوام دەبێت لەبەرواری( ٢٠١٦/٩/١ ) بۆ( ٢٠١٧/٨/٣١ ) وە دەکرێت ماوەی گرێبەست بەرەزامەندی وەزارەت درێژ بکرێتەوە.وەئەگەر پێویست بوو دەبێت لایەنی دووەم بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی هەتاکو کارەکە دەسپێردرێت بەبەڵێندەرێکی تر .

لایەنی دووەم

بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کورەداوێ

ناوی سیانی: کامەران شریف امین

لایەنی یەکەم/ عمر عبدالله فتاح

بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی

سەرەرای کارەکەی